پزیشکانی ناڕازی و دەرچووانی پزیشکی لە بەردەم نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی گردبوونەوە

پزیشکانی ناڕازی و دەرچووانی بەشی پزیشکی دانەمەزراو لە هەولێر و سلێمانی گردبوونەوە و دەڵێن، لە سەرجەم شارەکانی هەرێم ژمارەیان نزیکەی هەزارو ٦٠٠ پزیشکە ، بەڵام تائێستاش حکومەتی ماوەبەسەرچوو و وەزارەتی تەندروستی، گرفتی دانەمەزراندنی پزیشکانیان چارەسەر نەکردووە.

ئەمڕۆ سەشەممە ٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، پزیشکانی ناڕازی و دەرچووانی پزیشکی لە بەردەم بینای ئەنجوومەنی وەزیران لە هەولێر و بەردەم نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی، وەک ناڕازایەتیەک بەرامبەر دانەمەزراندنیان گردبوونەوە.

دەشڵێن، پزیشکانی سەرجەم نەخۆشخانە و ناوەندە تەندروستییەکان تاوەکو ئێستا دامەزراندنیان راوەستاوە و جاری یەکەمیان نییە لەپێناو مافەکانیان گردببنەوە.

وتیشیان، ماوەی زیاتر لە چوار مانگە پزیشکان لەشوێنەکانی خۆیان قەتیس بون ەو ماوەی یاسایی کارکردنیان کۆتاییهاتووە و دەبێت پلەبەندی دەستپێبکاتەوە و . بەڵێنی دامەزراندنیان پێدراوە و ئێستا داوای جێبەجێکردنی دەکەن

باسیان لەوەشکرد، دەرچووانی بەشی پزیشکی و پزیشکانی دانەمەزراو کە هەردووکیان لە چاوەڕێی

دامزراندندان، تاوکو ئستا چارنووسیان نادیار.